کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-9-2007 23:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێشنیارێکی بەپەلە بۆ بەڕێز کاک نیچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ...

ماوەیەکە وەزارەتی دارای حکومەتی هەرێمی کوردستان پەنای بردۆتە بەر بڕینی مینحەی ڕۆژنامە ئازادەکان، ئێمە لەوە دڵنیاین بڕیاری چاکسازی و ڕیفۆرم تەنیا ڕۆژنامە ئەهلییەکانی گرتۆتەوە، بەپێچەوانەوە ڕۆژنامە و سەنتەرە حیزبییەکان ئێستا دەسەڵات پشتیوانی زیاتریان لێدەکات. بەداخەوە ئێستا دەیان سەنتەر و ڕۆژنامەی حیزبی هەن، کە نەک خزمەت بەبواری ڕۆشنبیری ناکەن بەڵکو کردوویانەتە سەرچاوەی بژێوی خۆیان زۆربەشیان بەرپرسەکان پاڵپشتیان لێدەکەن و بۆ ئامانجی شەخسی درووستیان کردوون.

جێگای سەرسوڕمان و گومانە لە سیستەمێکدا کە بە دیموکرتی و ئازادی ناودەبرێت، پاڵپشتی ئەم سەنتەر و ڕۆژنامانە دەکرێت و لەبەرامبەریشدا پەلاماری ڕۆژنامە سەربەخۆ و ئازادە ئەهلیەکان دەدرێت، بەمەش سەرەڕای داوخستنی ڕەوتی ڕۆشنبیری، قوت و بژێوی ڕۆژنامە نووسەکانیش دەبڕدرێت.

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە بەئێمە گەیشتوە ڕۆژنامەی نیوەند کەماوەی چوارساڵە چەند گەنجێکی کارامە بەڕێوەی دەبەن لەماوەی ئەم چوارساڵەدا 42 ژمارەی ڕۆژنامەکەیان بەچاپ گەیاندوە، ئەمە جگەلەوەی بەردەوام لەرێگای بابەت و راپۆرتەرۆژنامەوانیەکانی ئەم لاوانەوە تێکرای ماڵپەرەکوردییەکانیان دەوڵەمەندکردووە وتوانیویانە خزمەتێکی گەورە بە ڕەووتی ڕۆژنامەگەری کوردی بگەیەنن.

بەداخەوە وەزارەتی دارای هەولێر پەنای بۆ بڕین و کەمکردنەوەی (مینحە)ی ئەم ڕۆژنامەنووسە چالاکانە بردووە، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەم بڕیارە ڕۆژنامەی شەقام و چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری تری سلێمانی گرتۆتەوە، وەچەندین ڕۆژنامەی ئازاد و بەنرخی تری وەك ڕۆژنامەی بۆچوون ڕۆژنامەی هاوبیر یان مینحەیان بڕیون یان حکومەت بەهیچ شێوەیەك هاوکاریان ناکات.

لە کاتێکدا ڕۆشنبیران بەتایبەتی و خەڵکی کوردستان بەگشتی، سلێمانی بەشاری ڕۆشنبیر و پایتەختی ڕۆشنبیری دەزانن. لێ مەخابن، پێدەچێت بە داخستن و بڕینی (مینحە)ی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، گەنجانی ڕۆشنبیری ئەم شارە، یان مەجبووربن بچنە سەر جادە و بێ ئیش بمێننەوە، یان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان، بە نابەدڵی و بێ دڵسۆزیی بۆ کارەکانیان، لە پاڵ ئەو پارتە سیاسیانە، کار بکەن کە پارە و سەرووەت و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سامنیان لایە. بێگومان ئەمەش پوکاندنەوە و شکاندنی، کەسایەتی ئەو ڕۆشنبیرانەیە و سەندنەوی شەرەفی ڕۆشنبیرێتییە لەم شارە.

بەڕێزتان بە گەنجێکی شاری هەڵمەت و قوربانی دەزانین، بۆیە داوا لە بەڕێزتان وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و پیشنیاری ئەوەت دەخەینە پێش، بە بەپەلە بەم بڕیارەدا بچێتەوە و مینحەی ئەم ڕۆژنامانە چاك بکەیتەوە (بگرە بۆشیان زیاد بکرێت) و هاوکاتیش قەرەبوی ئەم کەمکردنەوە و بڕینەیان لەم چەند مانگەدا بۆ بکرێتەوە.

ئێمە لەکوردستانێت شاهێدی بۆکارامەی و دڵسۆزی ئەم ڕۆژنامەوانانە دەدەین و دڵنیاشین ئێوە هەردەم پشتوو پەنای ڕۆژنامەوانانن. ... سەرکەوتوبن

عومەرفارس عەزیز
بەرپرسی ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی کوردستان نێت
2007-9-18 هۆڵەندا

داواکارین هەموو ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی میللەتەکەمان، پشتگیری لەم نامەیەمان بکەن و ڕاو بۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەم ناحەقییە بەرامبەر ڕۆژنامە و گۆڤارە سەربەخۆ و ئەهلییەکان دەرببڕن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.